# ڕازە سادەکانی بەفر

شیعر

زیاد ڕەشاد قادر

هەولێر..............................٢٠٠٤

بەناوی کردگاری جوانکار و دلۆڤان

* ناوی کتێب: ڕازە سادەکانی بەفر

* ژانر: شیعر

* نووسینی: زیاد ڕەشاد قادر

* تیراژ: (٣٠٠) دانە

* بڵاوکردنەوەی: کۆمەڵەی نووسەرانیی ئیسلامیی کوردستان

* چاپخانەی شڤان/ سلێمانی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی

( ٣٩٦)ی ساڵی (٢٠٠٤)ی دراوەتێ

# لەباتی پێشەکی

*خوێنەری بەڕێز*

**ئەو کۆمەڵە شیعرەی بەردەستت بەرهەمی ساڵانی ( ١٩٩٦ـ١٩٩٩ )ن، چەند ساڵێك پێش ئێستا زۆربەیان لە هەندێ ڕۆژنامە و گۆڤار بڵاو کراونەتەوە، گەر ئێستابا ڕەنگە ئەو شیعرانەم بەشێوەیەکی دی نووسیبا یا هەر نەنووسیبایە، بەو مانایە بە نەخەمڵیو و ناکامڵیان دەبینم و تا ڕاددەیەکی زۆریش لێیان ناقایلم، بەڵام مادامەکێ گوزارشت لە هەڕەتێکی دونیای نووسینم دەکەن و زادەی دەربڕی قۆناخێکی دیاریکراوی تەمە نمن، خۆم بە خاوەنی هەموو ئەو شیعرانە دەزانم و لە دێرێکیان پەشیمان نیم، بۆیە ـ جگە لە دەستکارییەکی کەمی هەندێ برگە ـ جارێکی دیکە لەم نامیلکە شیعریەدا بڵاویان دەکەمەوە .**

*زیاد*

# <u>گریه و خــەنین</u>

دونیا- ونگەی ئاونگە شەوانییەکانی سەر کوڵمەی نێرگزی تەمەن
ژیان- خەڵوەتخانەی موریدەکانی میحرابی گریان و
گوڵدانی گوڵی هەڵوەریو
هەی لەم ئەزموونە قەزەمە

ئەم سێبەرە بەقاکورتە و پەتی ئەم ڕەشماڵە شڕە

هەیلێ هەمدەمی هاوار و گریانم

سوارچاکە کەشخەکەی کۆشکی دزربردووی خەیاڵ

ڕوونێ لەژێر کاژی رزیوی (کام)

ڕاکشێ لەسەر ئەسکەمیلی هەوەس

هەڵزنێ بە پەیژەکانی ئارەزوو

بێ ئاگا لە زەردەپەڕی تەمەن

لە شەپۆلی تاوسی تاوسانی گوناه

هەیلێ هامسەفەری دەڤەری بارۆڤە و زریان

پەڕاگەندەی تاراوگەی ونبوون

لەم قەڕاڵستانی مەرگەدا

تەمەن مۆمی تریقانەوەیەکی کاڵە

ژیان بریتییە لە چاوتروکانێك لە خەون

هاکا ڕەشەبای ناوەختی ئەجەل

مەشخەڵی ئەم مۆمەی خامۆش کرد و

پرچی خەونە پرتەقاڵییەکانی مناڵیمانی ئاڵۆسکان

ئەوێستا ساتێتی

لە مەملەکەتی گوناھ بار تێک بنێیت و

ماڵئاوایی لە کەڤاڵە قەترانییەکانی نائومێدی کەیت

نووکە وادەیتی

تاسەی ئێوارە ئەرخەوانییەکانی تەمەنت

بە کانیاوی بناری چیای جوانی بسپێریت و

گوڵاوپژێنی پەپوولەکانی دونیای بەرائەت کەیت

تا خەنین و هەنسکی ئاوێتە

لە تابلۆی ڕۆحتا بخوێنمەوە

خەنین... بۆ شادبوون بە شارە باخچەییەکەی ئەودیو دەریا و

هەنسکیش... لە قەھری

گوفتارە کرمۆڵبوەکان و

ئاکارە وڕەکانی عومری بابردوو

١٩٩٦/١/٤

لە ژمارە (٢٥)ی ڕۆژنامەی (ئاینده) بڵاو کراوەتەوە

# نمه بـــارانـــی وەفـایــەك

ئەی دایەگیان

چ پرشنگێك سۆزی چڕ لە ناختەوە دەڕژێ و

ئاوێتەی فیترەتی گیانم دەبێ

کەی ویژدانم لە مردن لە خۆشەویستیتا ئارام دەبێ

کەی کانیلەی گیانم لەژێر تریفەی

عاتیفەی پڕ تینت دەگەشێتەوە

ئەی دایەگیان

ڕوخسەت بدە لە مێرگی مەحەبەتتا

شاگوڵی خەونی گەش بچنم

لێمگەڕێ با شەرەفیاب بم بە هەڵفڕینی شالووری حەز

لە ئاسمانی خەندەتا

ئەو دەمانەی چەڵەمە سەنگەرت لێ دەگرێ و

کەنەفتی گەماڕۆت دەدا

ئافات بە چنگ زبرەکانی لە دەروازەی هەستت دەدا

دەبمە پەروانەی شەمعی موچڕکەی ئازارت

دەخوازم شانم ببێتە هەڵگری پەروانەی ئاواتت و

حەوت جار تەوافی قودسیەتی شەمعت پێ بکەم

ئەی شەماڵی نەشئە و سۆز و ئەوین

چاوگی میهر و خۆشەویستی و پاکیزەیی

دڵنیام گەر هەوری ڕەنجم

هەتا ماوە بارانی وەفا بڕژێنێ

کەچی ناگا

بە ڕووباری پشوودرێژی نوورینی پڕ بەزەیی تۆ

ئاخر کەی و چۆن دەکارێم

بگەم بە مەقامی بەرزت

لەکاتێکا

ژێرپێت باخچەی ئاخیرەت بێ

١٩٩٧/٦/١٨

لە ژمارە (١٨)ی پاشکۆی ئەدەب و هونەری یەکگرتوو بڵاو کراوەتەوە

# بــەهــار

که ڕێبواری ڕێگەی ئەشقی دەکۆشی بۆ دڵنیایی

هاتووی حوزن فڕێدەیت و بڕۆیتە ماڵی سوکنایی

بەهیوای خەڵوەتی ڕۆح و کۆڕی یاران دەنێی هەنگاو

وەسڵی گوڵشەن، تاسەی دیدار هەڵتدەگریٚ بە نەشئە و تاو

گەرەکتە چەرچەفی شەونم جەستەی گیاییت داپۆشیٚ

تریفەی مانگ ڕاز و ئەوین بە کانیی شیعرت بفرۆشیٚ

دەتەویٚ گوڵاڵەی ئۆخەی جوانی باخ و دیوانت بیٚ

لەرەی گەڵا و جریوەی مەل خورپەی حەز و سترانت بیٚ

خاترجەم بە ئەم بەهارە بۆت شناسنامەی ئەڤینە

سەفەرنامەی باغی سەفا هەوراز و نشێو بڕینە

باغیٚ تیایدا شمشێری نوور چقڵی زوڵمەت دەپەڕێنیٚ

چراخانی خۆشەویستی گیانی جەنگەڵ دەسووتێنیٚ

١٩٩٨/١/٢٤

له ژماره (٤٣)ی پاشکۆی ئەدەب و هونەری یەکگرتوو بڵاو کراوەتەوە

# هەڵوەدا

بەدوای تریفەی نیگایەکت

چرکە چرکە چاوی عەوداڵیم هەڵدەبڕی

بۆ سۆراخی هەڵاڵەی نەوبەهارێکت

فرسەخ فرسەخ کەوشەنی زەمەنم دەبڕی

*        *      *

بۆ گەیشتنە وێستگەی ڕاز و

ساباتی دڵنەوایی تۆ

کۆڕی ئەشق و

ئەڤینترین ئەڵقەی دەروێشانەم گرێ دەدا

جوگرافیای ئەم هەواری یاسەمین و ئەرخەوانەم

تژی دەکرد لە نەخشەی چریکە و سەدا

*        *        *        *

کێ دەیزانی لە بنارت دەڕژێ

کانیلەی لاوکی نەمر و

کارێزی گوڵ و گۆرانی

کێ دەیگوت هەگبەت پڕە لە یادەوەریی گولاو و

گەروویشت لێوانلێو لە چەهچەهەی جوانی

ئەمە بەژنی بڵندی چیایە

شکۆی کردووە بە ئەدرەس

گیانی پڕ بڵێسەی خۆرە

ڕووناکیی داوە بە کۆڵیا

خودکاری میهرە دەنووسێ

با دیدەکان پڕ ئەشك بن

بەس بە پاکیزەیی بمرن

ڕۆحەکان ماڵی سرەوتن نەزانن

بەڵام بە بێداریی بفڕن

کاروانچییان بە باخەڵی چۆڵ ڕێ بڕکەن

لێ هەگبە و مەرکانەی دڵیان

لە چرۆی بەرائەت پڕکەن

١٩٩٨/٢/ ٥

لە ژ(٦٤)ی گۆڤاری پەیامی راستی بلاّو کراوەتەوە

# ئەوین و شەو

لەگەڵ ئاوابوونی خۆر وماڵئاوایی ڕۆژێکی تر

دەبیە خانەخوێی حەیرانی شەوی ناڵە و سۆزێکی تر

خۆ شەوگار تۆماری ویردی زاهیدان و غەریبانە

کانیلەی بڵێسە و گڕی چاوی گەرمی عاشقانە

سێڵاوی سوێر و بەخوڕی عاشقان و شەوبێداران

سەوز و گەش و باڵا دەکا درەختی عیبادەت یاران

دڵی زیندوو، گیانی واگا شەو بێ ئەشك ڕێ دەرناکا

بێ لەزەتی موناجات و نزا بە هیچ کوێ سەر ناکا

چۆن داسەکنێ باڵداری ڕۆح بێ میعراج و هەڵفڕینی

کەی شاد دەبێ نەفسی بەدکار دوور لە ژیوانی و زڤڕینی

زڤڕین لە زەلکاوی غەفڵەت ڕووەو کڕنوشگەی بێداری

فڕین لە چاڵی تاواندا بەرەو ئەوجی پارێزکاری

درێغا گوڵی تەمەنمان هەڵوەری دوور لە سۆزی شەو

سەدجەخار نەرگزی دیدەن سپی بوو بێ هیجرانی خەو

١٩٩٨/١١/٢٦

لە ژ(٢١)ی پاشکۆی ئەدەب و هونەری یەکگرتوو بلاوکراوەتەوە

## وچان

بەر لەوەی پەیڤە ناسکەکان لێلاّییان دابێ

بەر لەوەی خەتا چاوی بوون هەڵێنێ و

بەرائەت سەداکانی جوانەمەرگ بێ

مشتێک لە تریفەی تریقە شەنگەکانی

سپێدەی تەمەنمان

نەدەفرۆت بە گەنجینەی هەموو دونیا

پێش ئەوەی دارستانی خەونەکان
ببنە کەشتییەکی شەت و پەت

بەر لە کۆچی بەهاری ئەشق و

بزربوونی چەمکی سۆز

دەتەماشاین بەسەر کاراسکی

ئەوینە پەمەییەکان و

دەفڕین بۆ دیدەنی دیمەنی قەشەنگی مانگ و

کەڤاڵی ئاڵتوونینی خۆر

هێی پەلکە زێڕینەی نیسانی عومر

مەرخی مناڵی چ زوو تەسلیم بوویە گرِی پیری

ئای ئەوسای داماڵراو لە غەیری خۆشەویستی

ئەوسای پاکیزە و دوشک لەگەڵ ئاڵۆزی و ئازار

ئەوسای ڕۆح زیوین

کە چەرچەفی نەشئەی سادە و سپیت

دەخستە سەر ڕووخساری ژین

نە نامۆیی تەوقی دەکردە ملی هەست و

نە مەرگی منداڵی زنجیری لە مەچەکی هیوا دەبەست

نە گێژەڵووکەی قار یەخەی ئاسمانی خۆشەویستیی دەتەکاند

کێ هەیە پەی بەرێ بە نهێنی و سیحری گوڵی ئەوسا

کاتێ باخچەی دڵ پڕ دەبێ لە خونچەی خەندە و

چاوانیش سەلیقەی گڕوگاڵ

ئازیزم سەمفۆنیای ساتە سەبرگرەکانی ساڵانی زوو بژنەوە و

سەرژمێری چرکە زێدە میهرەبانەکان بکە

دەزانی ئەمێستا دەبمە مەستی

هەقایەتی بەر ئاگردان و

کۆڕی گەرمی

سەکۆی حەوشەی مزگەوتی دێ

من ئەو دەڤەرەم خۆشەوێ

بۆنی سەبای ڕابردووی لێ دێ

تکا دەکەم کەڤووکی عەشقی گوڵگوڵی و کۆکم

ئازار نەدەن

چونکە ئێستاکێ دڵم بۆتە

مەڵبەندی دەرۆزەی شادی و

بنکەی سواڵی ئاسوودەیی و سەفا

١٩٩٧/٥/١١

**لەژمارە (١٣٧)ی برایەتی ئەدەب و هونەر بڵاو کراوەتەوە**

# گوڵزاری حەز

وام لە سپێدەی تەمەن و

بەرەو لوتکە کەوتوومە ڕێ

توێشووم هەگبەی ورە و تینە

مادام عەشقێ هەڵمدەگرێ

*　　*　　*

دڵنیام گەر ئەشکی شەوان

نەڕژێ لە چاو چەشنی باران

مەحەببەت و خۆنەویستی

نابێتە ناسنامەی یاران

*　　*　　*

ئەز پەیکی پەیامی عەشقم

بۆ دەڤەری جوانی و گوڵ

نازنازی عەترو خەنینم

لە ڕەشەبای ڕق ناکەم سڵ

*　　*　　*

دەبا هەر یەک چڵێ پەلدا

لە شوێنی گوڵێ بڕوێنێ

تا گوڵزاری حەز لە دەرگای

چاوەڕوانی سەر دەردێنێ

*          *          *

هەر یەکەو مووروەک بێنێ

بۆ ملوانکەی پاکی و ئەڤین

تا بەتێکڕا خەڵاتی کەین

بە گەردنی نازکی ژین

*          *          *

ئەوسا کەشتیی ئاسوودەیی

لەم بەندەرە لەنگەر دەگرێ

دێوەزمەی کارەسات و شەڕ

دەفتەری زیندەگیی دەدەڕێ

١٩٩٨/٦/١٢

*لە ژمارە (٥٤)ی ڕۆژنامەی داهێنان بڵاو کراوەتەوە

*لەلایەن تیپی هونەری پەیام ئاوازی بۆ دانراوە و کراوەتە گۆرانی بەدەنگی (جەبار ئەحمەد).

## شکۆفەی شکۆ

له گوڵشەنی خەونی ئەو کەنارییانە ڕوای

دەمێك بوو باڵی ئارامییان لێك دەدا و

عەندەلیبی ئەشکیان لە لانەی چاویان هەڵدەفڕاند

کە هاتی

بەهارستانی میهرت کردە زێدی گەورەبوون و

باوەشێنی مانگەشەوی بەهارت کرد

چ زوو ڕەنگی چنارە چاو بەهارییەکانی ئەم مەملەکەتەت گرت و

بوویتە هامڕای ئاهە غوربەتییەکانی سەر سینگی پاییزی نیشتمان

ئەی گوڵەندامترین ڕووباری دەڤەری ئومێد و

میهرەبانترین بارانی وەرزی حەز

تۆ هێشتا

کانیلەیەکی باخەڵی بنار بوویت

تینت دەبەخشییە

خۆزگە ڕەنگاڵییەکانی هەناسەی سنۆبەر و

شەو تا بەیان لەگەڵ گوڵەئەستێرەدا ژوانت دەبەست

ئەو ساتانەی ئێرە جەزیرەیەك خەم بوو

هەتوان ئاسا

بە باڵای برینەکان هەڵزنایت و

چەشنی تەتەری ژاندار

بەفری نرکە نورینەکانت نایە سەر شان

هۆ ماهی ئەدگار شیکی چیهرە شیرین

کە قەقنەسی هەست و هیوا

مەراقێتی خۆ لە قەرەی

ماچی جوانی و نەشئەت بدات

لاولاوی دەهشەت لە بەژنی هزر دەئاڵێ

تێماوم

چۆن گوزارە لە ئەوینی ڕەعنات بکەم و

وێنەی خەندە کۆڕاڵییەکەی زەعفەرانت بگرم

تۆ زادەی ڕەنجی

زناری کام چیای موحیببەت و

بەرهەمی ئەسرینی زنەی

چ چاوانی شەمزای

لە کازیوەی دونیایەك عەزرەت و تاسەی

ئەم مەوسیمە چاوەڕێیە

نازنازی دیدەت هەڵێنا

ئەرێ گەلۆ

ئەمە شاری شوعلەی ئاواتە

یا شکۆفەی بەرزی شکۆ

هێی گەلۆ

وەرن لە گۆوەندی کاروانی

ئەم بەعاشقبوونی هەتاوەدا

ملوانکەی یاقوتیی ئەڤین

بکەنە گەردنی ڕۆحتان

بێن ڤێکرا

پیاسەی بخوورستانی

باخچە کافوورییەکانی سەفا بکەن

دەبێن... دەبێن
تەژنایی کەڤناری عومر

لەم کارێزی میسکە بشکێنن

دەبێن... دەبێن

١٩٩٧/٦/٢

لە ژمارە (١٧٤)ی ڕۆژنامەی یەکگرتوو بلاّو کراوەتەوە

# بنار

بناریٚ

پڕ سۆزتر لە باوەشی دایک

بۆ داڵدەدانی کانیلە و

شوێن هێلینی پاساری

زەریایەك گەوهەری حیکمەت

بۆ شکاندنی تەژنایی ڕۆح

کراسیٚ ڕەنگ گیایی

بۆ ئاوێزانبوونی درەختەکان و

پاراستنیان لە تەوری ئافات و فەوتان

ئەی پێم ناڵێی

بیٚ زینەتی پڕ ئەشقی گوڵ

دوور لە چەهچەهەی دڵگیری

کەو و شالور

کوا شەنگی قەشەنگی باخ و

شکۆهی باڵای مێرغوزار

ئەسەف کە پەردەی خومار

دەکەوتە سەر دیدەی ئەقڵ و

دەستەوەستان لە ئاستی ئەوێستاین

خەجاڵەت خۆمان

لەگەڵ جوانی ئیعلانی شەڕمان دەکرد و

لەگەڵ شەڕیش پەیمانی ئولفەتمان دەبەست

چ چەتوون بووین

ئەوینمان بە گوناه دەفرۆشت و

یاقووتمان بە بەفر سەودا دەکرد

جەخار بۆ ئەو دەمانەی

لەسەر حیسابی تەلاری خۆشنوودی

سازشمان بۆ چنگەنانێ دەکرد

ئاه برادەر

دوای پەناگەی ئەم بنارە

لەکوێ هەوارێک دەروازەی ڕازی

بۆ نزاکانمان دەخاتە سەرپشت

پاش شەماڵی شادی بەخشی ئاسوودەیی

کوا پەنجەرەیێ بۆ هەناسەدانی ئاشقان

وەرە قەڵایەک بنیات نێین لە نوور

نە زریا و نە ڕەشەبا

نەتوانێ خۆی لە قەرە با

وەرە گومان بتۆرێنین و

بەرەو بنار بکەوینە ڕێ

بەرەو ماڵی دڵارامی

بەرەو باخەکانی میهر و مەحەببەت

١٩٩٨/٧/١٣

لەژمارە (٢٦)ی پاشکۆی ئەدەب و هونەری یەکگرتوو بلاّو کراوەتەوە

# تابلۆی حەرفەکانی حەژمەت

لەمدیو بێستوونی ڕەنجەوە

هەر کۆهکەنی نامورادن

تەبارەی تەمەنیان

دەکەوێتە بەر ڕەحمەتی شەمچەی ستەم

لەوبەر خیابانی خوێنا

کوا ئادگای بەهار

لەکوێیە کازیوە

سۆمای چاوم

وامی مەبە[1] لە عاشوورای پوورەهەنگ و

نێڵەنێڵی هەڵقرچانی پەیکۆڵی حەز

ئەمە شایلۆغانی مەرگە

زەمەنی شەهیدبوونی گوڵ

ئێی چ ئافەتێکە

تەمی مەستی بلووری ڕووخسارم دەگرێ و

مەستیش نیم

ئێرە گوڵشەنی ئەوین و

مەکۆی ماهی پێکەنین بوو
هاوار لە بارانی ئەو خەردەلەی

لەگەڵ پاساری و دار زەیتوونی بەر حەوشەمان

کەوتە دیلانێ

لەوساوە

باوکمیان بە ناهەق سەربڕی و

جەستەی دایکمیان بە پێی پیلان پارەپارە کرد

نە کاراین نە

پەی بەرین بە تخووبەکانی حەزرەتی وچان

نەمانتوانی لە جوگرافیای وڵاتی چەند پارچەمانا

رەشماڵێک هەڵدەین بۆ ئاسوودەیی دڵ

بۆ ڕاڤەکردنی ڕەهەندەکانی ئەشق

ئەی شاکەسەری کەسەران

ئەی ئەو زامەی تا دوا هەناسە

کەس قوڵپی غوربەتیتی نەبیست و

ئەمێستاش لە ئەستەم ئەستەمترە

کاڵبوونەوەی سێبەری سکالاً و

فلووتی پرسەی نەزیفت

لەم قەیرانی سۆز و بزە و ڕەفتارەدا

مارشی گریانێکی بەکوڵ

لە کاسێتی کارەساتا تۆمار دەکەم و

دایدەنێم لە ئەرشیفی دیرۆکی خوێن

دەبمە هەناسەی سووتاوی کانیت و

دەڕژێمە نێو دونیای کپ و کاسی سەردەم

دەبمە سەردولکەنامەی قوڕگی بێدەنگت و

ویژدانی ئەم سەرزەمینە دێنمە گریان

ئاوێزانی ئاوازی لانەوازت دەبم و

دەڵێم وەرنە تەماشای مەزڵوومترین گۆرانی عەزاپۆش

ئەی شاکەسەری کەسەران

دەدەی سومبولی مەرگەساتیمە

جەنازەی جوانیت مۆمیاکە و

تەسلیمیکە بە هودهود و شەماڵ

ئێمەین خاشاکی تەنووری فیرعەونەکان و

یەخسیری چنگی ژنراڵەکانی گوناه

ئیدی عەزیزم

لە شاشەی مەرگەساتی تەمەنم ڕامەمێنە و

موتالای غەمنامەی غەریقم مەکە مە

با سۆماییت دانەیێ

**نیگا مەبرە سووتووی قژی هەڵقرچاوم**

**نەبادا**

**بکەویە ئەتڵەسی شێتبوون**

**بخنکێی لە زەریای هەدەر**

**١٩٩٦/٣/١٦**

**(١)وامی مەبە : سەرت سوڕنەمێنی ، واقت وڕنەمێنی**
**لە ژمارە (١٧٩)ی ڕۆژنامەی یەکگرتوو بڵاو کراوەتەوە**

# بێباك

گەر گەردەلوولی بێدادی

درەختی ژینم بتارێنێ

دێوەزمەی تۆقاندن و شەڕ

قەپ لە لاشەم بسرەوێنێ

مووسا ئاسا

کینە و ڕقی ڕەقی فیرعەون

بۆ دەڤەری دووری و غوربەت

سەری کۆچم پێ هەڵگرێ

چون ئیبراهیم

بە بەر چاوان سەر و جەستەم

بۆ هەواری مەنجەنیقی پڕ نێڵەنێڵ

تێهەڵدرێ

ماتوڵ ئەشقی ڕەزابوونت

هەڵمدەگرێ و دامەپۆشێ

باکم نییە

گەر هەتا قامی قیامەت

ئەم ئاگری ترس و تووڕەیی و سووتانە

کڵپە بسێنێ و بخرۆشێ

١٩٩٩/١١/٥

لە ژمارە (٥٠)ی ڕۆژنامەی داهێنان بڵاو کراوەتەوە

# داری خۆزگە کوا بەر دەگرێ

وەرە ئەی دۆست

پێش ئەوەی گوڵ ئاهەنگی عومری

بە بای هەڵوەرین بسپێرێ

نیگا بڕژێنینە دیدەی

بەر لەوەی کوێربوون

پاشقول لە سۆمای کانی بگرێ

ئەشق بپڕژێنینە سینەی

بەر لەوەی باران

ماهی تەمەنی ئاوابێ

لە سێبەریا ژوانی شیعر ببەستین و

سروودی نزا بەرێخەین

پێش ئەوەی خۆر

واز لە سپێدەباشی زەمین بێنێ

لە ئامێزیا حەڵقەی موناجات گرێ دەین

چونکە هاوڕێم گەر لەمەودوا

تیرۆژی خۆر لوتفێ نەکا

باران ئیدی نەیەتە گۆ و

دڵی کانیمان لیَ بتۆریَ و

گولَ ژیدی نازمان ڕانەگریَ

ئەسەف بەکوێمان دەگەیەنیَ و

داری خۆزگە کوا بەر دەگریَ

١٩٩٩/١٢/٣

لە ژمارە (٤٥)ی پاشکۆی ئەدەب و هونەری یەکگرتوو بڵاو کراوەتەوە

# کوردستان

هەواری بەفر و نەزاکەت
بەهەشتی خورپە و ئەڤینم
چریکەی شالووری سۆز و
مێرگی خەندە و یاسەمینم
*     *     *

کوردستانی خەون و خۆزگە
فوارەی فرمێسکی یاران
تینووی کانیلەی ئۆخژن و
ئیشتیاقی وەرزی باران
*     *     *

خەڵوەتگاهی جەزبەی ڕۆح و
کەرنەڤاڵی ئومێد و ڕاز
بڵندگۆی گۆرانیی میهر و
لانەی حەز و ئاونگی ناز
*     *     *

دوور لە تۆ تاریکم
بێ پەنا و ناونیشان
دەبم بە وێرانە و
مەلوول و دڵ حەیران
*     *     *

پێبکەنە نیشتیمان
بە نەغمە و سیحری گوڵ
سرووودی ئەشق بچڕە
بە ئاوازی بولبول
*     *     *

**شەمایلی خۆشنوودیت**

**با دونیا کەیل کا**

**باخەکەی مەحەببەت**

**پڕ سەفا و مەیل کا**

**١٩٩٩/٨/١٧**

**لە ژ (٤٣٧) ی ڕۆژنامەی یەکگرتوو بڵاوکراوەتەوە**